## ئێوارە کۆڕێک لەبنکەی کاوەی ڕۆشنبیری کوردی لەهەولێر. . .

لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنیمان دا لەگەڵ رۆژنامەنوس بەختیار سەعید ێالح، پاش ئەوەی دەست خۆشیمان لی کرد بۆ ئەوبەرنامەپێشکەوتووە مەدەنیەی بەناوی (زەنگ) ەوە لەسەر شاشەی سەتەلایتی کوردستان راستەوخۆ پەخشی دەکات وتوانیویەتی بەرێژەیەکی باش وسەرکەوتوانەو بوێرانە خاڵ بکەنە سەرپیتەکان وگەندەڵیەکانی دەسەڵات دیاری بکەن لەئیدارەی هەولێروپۆخڵەواتەکان ئاشکرا بکات ولەزاری جەماوەرەوە نیگەرانیەکان بگوازێتەوە، ئەم جۆرەی بەرنامانە بەچەشنی بەرنامەکەی بەرێز بەهات حەسیب قەرەداغی رۆژنامەنوس رۆڵی ئەکتیڤ ئەگێرن بۆ فشارهێنانە سەر دەسەڵات بۆیە دەکری پشتویوانیان بکەین تا پیاوە ناشرینەکانی ناودەسەڵات تەلەزگە نەهێننە رێیان. .
لەوپەیوەندیەدا رۆژنامەنوس پێی راگەیاندین کەرۆژی سی شەمە بەرواری 2005/11/15لە هۆڵی بنکەی کاوەی رۆشنبیری کوردی لەشاری هەولێری پایتەخت کاتژمێر 3. 30 ئێوارە کۆرێك سازئەدات لەژێر ناوی (خەم ساردی خەڵك لەرۆژی دەنگدان دا) نیازی وایە لەم کۆرەدا باس لەگەندەڵیەکان بکات وهاوکات ئاماژە بەئینتمای نەتەوەیی بدات. . کۆرەکە لەلایەن رۆژنامەنوس کەیفی عەبدوڵا بەرێوە ئەچێت. . .

ئامانج عەبدوڵا سوور